مەرجی دانانی پارەی خانوبەرە کە لە 100 ملیۆن دینار زیاتر بێت لە بانکەکاندا هەوشێندرایەوە

دادگای باڵای کارگێڕی عێراق بڕیاری دادگای کارگێڕی پەسەندکرد، بۆ هەوەشاندنەوەی بڕیارەکەی بانکی ناوەندی کە داوا دەکات پارەی خانوبەرە کە لە 100 ملیۆن دینار زیاتر بێت، پێویستە لە بانکەکاندا دابنرێت.

بەپێی نوسراوەکەی دادگای باڵای کارگێڕی، هەوەشاندنەوەیە، ڕێنمایی و ڕێکارەکانی پێشوی بەدواداچونی پێویست دەگەندرێنەوە، بەجۆرێك تەنها فرێشی خانوبەرە کە لە 500 ملیۆن دینار زیاتر بو پێویستە پارەکەی لە بانکدا دابنرێت، نەك هەر یەکەیەکی نیشتەجێبون لە 100 ملیۆن دینار زیاتربێت و بەناچاری ببرێتە بانکەکان.

تانەی سەر بڕیارەکەی بانکی ناوەندی لەلایەن فەیسەڵ حسێن داواکاری گشتیەوە ئاڕاستەی دادگای باڵای ئیداری کراوە، ئەو بڕیارەش لە 14ی (کانونی یەکەم/12)ی 2025ەوە بە هەوەشاوە هەژماردەکرێت.

بە وتەی شارەزایان، ئەم پەرەسەندنە بە مانای سوککردنی سنوردارکردنی بانکییە بۆ کارەکانی کڕین و فرۆشتن لە بازاڕی خانوبەرە، هاوکات پاراستنی چاودێریکردنی فرۆشتنی گەورە دەکات کە لە 500 ملیۆن دینار زیاترە لە ڕگەی کەناڵە فەرمییەکانی بانکییەوە.

ئ□م□ش د□قی ب□□گ□نا م□ک□ی□:

٢٠٢

٢٠٢